# بێ ئەم پەیڤانە

ڕابەر فاریق

# بێ ئەم پەیڤانە

ڕابەر فاریق

**بۆ ئەم پەیڤانە**

شیعر

ڕابەر فاریق

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: لوقمان ڕەشیدی

چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢

چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە هەولێر، ژمارە سپاردنی ٢ی ساڵی ٢٠١١ی دراوەتێ

# بێ ئەم پەیڤانە

رابەر فاریق

# لەتە هەمیشەییەکان

بدوێ،
تا هەست بکەم گوێم هەیە!

بمگرە!
بە هەڵوەرینم،
شەقام پیس دەبێ!

بەر لەوەی کۆترەکان بفڕن،
ڕۆیشتن دێتەوە ئێرە...

ئێستا پێکەوە دەڕۆم!

با بنووسم
تا بزانم کەسێک هەیە
خۆشم دەوێ!

که ڕۆیشتی،
هەوا پڕ بوو بە دووکەڵ
پەیڤەکان،
جودایییان لێ تکا...

«من» چیم لێ هات؟!

ئێسکێک لە جەستەم دەردەکێشم،
هەڵی دەدەمە بەردەم ئەو سەگەی
لە بەردەمم ڕاوەستاوە،
سەگێک،
کە خۆمم!

ترپم لێ بەربوو
دەبدەبەیەکیش لە بەردەم منداڵەکەمدا تەقی.

ئەم سەدەیە دەتەقێ؟!

بیر لە ئازاری شمەکەکانم دەکەمەوە،
لە جلشۆرییەکەدا.

من! تەنیا تۆ
تۆ! تەنیا من

پێکەوەیی لە نێوانماندا.

دەکەومە نێو جووتکەوانە:
«دەستێک نییە دەرم بێنێ، لە نێو ئەم گۆڕە
وێرانە.»

# لە دەرەوە، لە ژوورەوە

## *هەرلێرەم*

کەس بە مردن ڕازی نییە
مادام کەس ڕازی نییە،
پەیڤەکانی سەرەوە،
لەسەر قۆڵمدا دەکوتم.

کەس ڕازی نییە
بە چاوەڕوانیی بمکوژێ؛
مادام کەس ڕازی نییە،
بەرەو باکوور هەڵناکەم!

کەس بە مردن ڕازی نییە
مادام کەس ڕازی نییە،
لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆم دێم
سەرم پڕ دەبێ لە هیچ،
جەستەم لە نێچیر.

کەس بە مردن ڕازی نییە،
دایکیشم دەڵێ:
زەوی پاک نییە،
ناچینە ئاسمان!

# سندووقی مریەم

بەردەکان لە گۆمدا قسە نەکەن،
لە ئیسپانیا
گا هەیە.
- مرۆڤ لە کوێیە؟!

قاچەکانم لەسەر شوێنپێی درزبردوو دەکێشمەوە،
لەقە لە «ئێستا» دەدەم؛
شکۆمەندی لە دایک دەبێ.

منداڵێک لە زگمدا دەجووڵێتەوە
من بەڵام
منداڵێک لە زگمدا دەجووڵێتەوە؛
«ئێستا» منداڵ نییە...

خۆم لە بەرزایی دا
نەکەوتمە خوارەوە بەڵام...
لە سەرەوە نیم.

لەوانەیە تەختە بم،
کە سندووق بە تەرم پڕ دەکەنەوە...
- مرۆڤ بە کێ؟!

ڕوانینم هاوسەنگە بەڵام،
ئەم سەدەیە بێ مرۆڤ بوو؛
- مەگەر نا؟!

# ڕێی هیچکوێیی

دوو ڕێ لە بەردەممن،
بە هیچکامیاندا ناڕۆم،
حەز ناکەم لێرە ڕاوەستم،
بە ڕێی خۆمیشدا ناگەڕێمەوە!

شتێک لە دەرەوە دەزانم!

# بۆشاییەکان

زۆرجار بە نووسین
تەنانەت بە قسەیش،
گوتم: «دەڕۆم» و نەڕۆیشتم.
نەمزانی بە کێ دەڵێم
بەڵام،
گوتم: «دەڕۆم» و نەڕۆیشتم.

ئیدی هیچ نانووسم!
ئیدی هیچ ناڵێم!

# بازدانەکانی پڵنگێک

هەولێر نەخۆشە.
بە پەلەوەر و باڵندەکان دەڵێم:
هەولێر نەخۆشە...

ڕابەر!
وەرە بتبەم...

ڕووناکی خامۆش دەکەم:
مریەم ستیانەکەت بێنە!

# حەیرانی گۆڕستانەکە

سالّەکان
وەک قەوانەفیشەک
لە بەردەممن
بۆنی خوێن و
بۆنی تارماییبیان لێ دێ.

بە هیچکوێدا گوزەرم نەکردووە،
حەکایەت و
دەفتەری یادنووسم نین...

بە مندا وەرە خوارەوە،
لە تونێلەکەدا،
کلاشینکۆف سیگار دەکێشێ.

مشکە باڵدارەکان،
سیسارکە مۆمیاییکراوەکان و
تەیرەلئەبابیلەکان،
بە دەم حەیرانگوتنەوە،
گەسک لە پاشماوەم دەدەن...

بە درێژاییی ژیان
مرۆڤی بەجێماوی نیاندەرتاڵ نەبووم؛
ئێسکی «برۆدسکی»م
لە شانە کەونارەکانمدا هەڵگرتووە.

ئێرە کوێیە؟!

# لە گۆڕی کەسێکدا

لە گۆڕستاندا بەفر بباریَ،
مردووەکان
سەرمایان دەبیَ.

لە گۆڕەکەم دێمە دەر،
چاکەتم لەسەر گۆڕێکی دی
دادەنێم؛
هەوا پڕ دەبێ لە ئاسن...

ئانیشکم لەسەر کێلی خۆم دادەنێم،
ڕۆژانی دوور
دەبدەبەن
هەڵیان بدەم
دەتەقن.

کەسێک لە دوورەوە دێ،
بڵێی من بم، لە هزری ئەوانی دیکەدا؟!

جووڵەی تەرمێک، لە گەردووندا بەردەوامە،
بڵێی من بم، لە بەردەم ئەوانی دیکەدا؟!

# دارستانی ڕەش

بێ ئەوەی لە پاریس بم
لێرە نەبووم،
«ڕامبۆ»م بینی.

لە باتیی چەکوچ وەشاندن،
ڕقم لە تەرمەکانی خۆم هەڵگرت.

ئێستایش
شەقام و کتێب دەنوشتێنمەوە،
لە باتیی سەوزە و شمەک
بۆ منداڵەکانم
دەیانبەمەوە.

گوڵێکی کاغەزینم بۆ کیژێک نارد،
ئەو قەرزەم لە کن هەر مێینەیەک ماوە.

لە کۆنەوە مەسیح بە دوامدا دەگەڕێ،
تەنیا گورگیش دەزانێ
لە پەنای هەر موویەکی لەشمدا،
سێبەری دێوێک خەوتووە.
فریشتەکانیش لە بن پێستمەوە،
گۆرانیی مردووان دەڵێنەوە.

قورئان و ئینجیل و من،
لە تاقەوە فریادڕەس نین.

بەردە بچکۆلەکان، پەنجەکانمن
هیچکەسیش نازانێ،
گۆڕستانێکی فراوانم لە گەردووندا.

گاهێ قووڵایی لە خۆمدا دەنێژم
گاهێ لە گۆڕەکەوە سەر دەردێنم:
ئاسمان نادیارە،
داهاتوو ناخەوێ،
جوانییش لە پاڵ گۆرەوییەکانمەوە،
لە چاڵی چەنەم دەڕوانێ.

تەنیا گوناحەکانم بۆ زستان هەڵدەگرم
تفەنگ لە شان دەکەم و دەچمە دارستان
لە بەرانبەر مەیموونەکان
تەویڵم فیشەکرێژ دەکەم.

لە دەرەوە تەنیا ڕاو هەیە
لە داهاتوودا بزنێک دەڵێ:
خوشکی خۆتی.

تەیرەلئەبابیلەکان
بەرەو هیچکوێم دەبەن،
ئاشنایەک لەوێیە.

# قەوانە پڕەکان

بە هەڵدانی یەکەم پێک،
هەموویان فەرامۆش دەکەم:
ئافرەت
هاوڕێ
ئەو پەڵەهەورانەیش
کەساڵی دواتر،
بەسەر خانووەکەمدا ڕەت دەبن.

لە داهاتوودا
ڕوو وەردەگێڕم و دەستم دەڵێ:
Bye

# گارسۆن

*بۆ: ژوان عومەر*

لە پەنجەرەی قاوەخانەوە، لە دەرەوە دەڕوانم: تەنێ دووکەڵی سوور بە ڕوومدا هەڵدەشاخێ و هەست دەکەم لە هەموو ڕێیەکەوە بە بێماڵی دەگەم و دەتوانم بەردێکی ڕوو لە هەتاو بجووڵێنم، دەتوانم کاتێ زەنگی هەڵەی کوڕێکم بۆ دێ، شەمچە لە مۆبایل نزیک بکەمەوە و... دەنگی شەمچە، ئاگر لە گیانی بەر بدا!

شــاڵ و بۆنــی مێخەکم، بینــا بەرزترینــەکان دێننە لــەرزە، بــەس نازانم لە کەینێوە، تاســەی بەردێکی دی دەکــەم... بــە کراســەوە هاتوومــە قاوەخانــە. دەستم ناوەتە گیرفانم، لە نەخشی فنجانی کاپوچینۆ دەڕوانم و بێدەنگیی بنکۆڵکراوم لە قوتووی فستقدا شــاردۆتەوە. هەر قاوەیەک دەبینم، قســەکانتم بیر دەکەونەوە؛ مێزەکانیش بێ تۆ سوێرن...

لە قاوەخانە، ڕەنگ لە ناوەڕاستی ئاسماندا جێنشین دەبێ، لەسەر هەر کام لە کاشییەکان، جێپێی تۆ. لە دەوروبەرمی کە دەڵێم: ساپیتە نەخشێندراو و گرانبەهاکان، بە چاوهەڵهێنانە نەرمەکانت، دەتەقن. بە جووڵەی پەنجەکانت، نەختێک لە من بدوێ، کڕێوەی شتێک کەرتی کردووم!

ئەمڕۆ نەچوومە هیچکوێ؛ سـەرم لە سەرەوە نییە و ئاسـمان نییە. کێک ناخۆم... کە ڕووت بوومەوە، بیر لەو جل و بەرگانە ناکەمەوە، کە بە دەستلێدانت، هێڵەکانیان کاڵ دەبوونەوە...

ڕۆژانە تەنیا جارێک دەژیم،
تەنانەت ئەگەر دەرفەتم فرە بێ.

لە نێوان کۆمپیوتێر و بیرکردنەوە سوێرەکانمدا ویسکی هەڵدەبژێرم.

بێ جاجیک دەخۆمەوە.
بێ ئەوەی لە کنیشت بم
دەستەکانم لە لەشتدا دەلەوەڕن.

قسەیەکت بۆ گوتن نەبێ،
لە کاتێکدا
هەر جارێک نیوەڕۆژ دەگوزەرێنم،
نیوەکەی دی لە بەردەمی منداڵێکدا
دادەنێم،
دەڵێ: ئەوی دیکە!

لە نێوان شقارتە و شەودا،
تارماییی پێکەوەبوون هەڵدەبژێرم.

بەیانیان دوای بەرچایی، شیعر دەخوێنمەوە/ لەگەڵ
ئەو غەریبانە دەدوێم، کە Facebook ناساندوونی.
جارجار گوێ لە سەدای بێدەنگی ڕادەگرم:
بتهۆڤن، سەگ و بزن لەوێن...

بەردەوام ترسم لە دڵسۆزیی ئەلیکترۆنی هەیە؛
بەسەر حەقیقەتدا باز دەدەم و
مەجازەکانی بینینی هیچ نهێنییەک نادرکێنم.

گاهێ کاهینێک دەبینم، بەسەر ڕابردوودا غار دەدا
گاهێ سێ توخم لەتم دەکەن:
هێز، متمانە، بەخشندەیی،
ئێستا نۆبەی بینینە.

بە ژیانی چەقۆکێش و پڵنگە خەوتووەکان ئاشنام،
تەنیا پێویستە ئەوانی دیکە فەرامۆش ببن.

حەزم هەیە مردووەکان لێرە بن-
ئەم خانووە چۆڵە.

کە دەزانم نووسین بێمانایە، خۆم لوول دەدەم و
هەڵی دەدەم...
پاشان: هیچ.

منداڵەکان لە پشتمدا هەڵدەستنەوە.
ئاگایشت لێ نییە:
بە دەم گۆشت برژاندنەوە، یەک یەک تیپەکان
دەسووتێن.

هەستبەرزیی خەڵکم دیوە، بۆنی کەڕووی لێ دێ،
برسیم نییە و
دەستەکانیشم لە بن مێزدا،
بە دوای تاریکاییی هیچ جەستەیەکدا ناگەڕێن.

کە درەخت دێتە بەردەمم، ناچار نیم سەوز بم:
ڕەنگەکان قاوەیی نین.

لە قاوەخانە دێمە دەرەوە، چەترەکەم هەڵدەکەم و
تنۆکەکان دەژمێرم:

.

.

منداڵێکمان نەبوو!

ئێستا کە منداڵت هەیە: ئەو پیاوانەیشم خۆش دەوێن،
کە بیرت لێ دەکەنەوە.

کـــە نووســـیت: «دڵم بـــۆ خاولییەکەت لـــێ ئەدات» ســـەری خۆمم خۆش ویســـت و گوتم: «ســـپاس». ڕۆژی دواتـــر لە قاوەخانە نەبووی، هەتا بڵێم: وۆرد و سەری پەنجەکانم خۆش دەوێن، کە لە ڕێی پەیڤ و شاشـــەی کۆمپیوتێـــرەوە، کایـــە لەگـــەڵ نهێنی و گریمانە ســـوێر و تاسە بچکۆلەکانی لەشت دەکەن/ فۆنتەکان/ کیبۆرد و تیپەکان، کە دەهێڵن بنووســـم: بۆ تۆ لێژم!

# Without These Remarks

Reber fariq